# مووچەی ڕێزلێنان یان بێ ڕێزی

**چەند سەرنجێک لەسەر وتارێکی کاک جەمال عەبدوڵا لەسەر بڕینەوەی مووچەی ڕێزلێنان بۆ(بەختیار عەلی،مەریوانی وریا قانیع،ئاراس فەتاح و شوان ئاحمەد)**

نووسینی:موئەیەد مەحمود(کاردۆ)

لە نووسینێکدا کاک جەمال عەبدوڵا لە ژمارە (295 )ی هەفتەنامەی میدیا دۆکیومەنتێکی خستۆتە بەر چاوی خوێنەر کە تیایدا وەزارەتی ڕۆشەنبییری مووچەی ڕێزلێنانی بۆ بەڕێزان(بەختیار عەلی،ئاراس فەتاح،مەریوانی وریا قانیع و شوان ئەحمەد)بڕیوەتەوە و نوسراوەکەشی بەرز کردۆتەوە بۆ ئەنجوومەنی وەزیران.

هەر لەو نووسینەدا کاک جەمال ئەو چوار نووسەرە بەوە تاوانبار دەکات گوایە ساڵی دەست پێکردنی نووسینیان تەزویر کردووە.ئەمە جگە لەوەی کە کاک جەمال هەموو ڕەخنەکانی ئەوان لە دەسەڵات بە ناڕەوا دەزانێت،لەوێوە کە ئەمان ڕەزامەندی خۆیان نیشان داوە کە مووچەی ڕێزلێنان لە دەسەلاتێک وەرگرن کە لە نووسینەکانیاندا وەکو دەسەڵاتێکی گەندەڵ ناوەزەدی دەکەن.

ئەم نووسینەی من بەرگری کردن نییە لەو چوار نووسەرە،بەڵکو دەرخستنی مەبەستەکانی پشت ئەو نووسینەی کاک جەمالە،بە رای من ئەو چوار نووسەرە ئەگەر خۆیان وەلامێکیان بۆ کاک جەمال پێ نەبێت،کەس ناتوانێت فریایان کەوێت.

لەم نووسینەی کاک جەمالدا دۆکیومەنتێک وەک کارتێکی سوور بەڕووی ئەو چوار نووسەرەدا هەڵگیراوە،بەڵام خودی نووسینەکە دۆکیومەنتێکەو دەکرێت وەکو کارتێکی سوور بە ڕووی کاک جەمال و دەسەڵاتدا هەڵبگیرێت.

دەمەوێت سەرنجەکانی خۆم لەم چەند خاڵەدا کورت بکەمەوە

یەکەم:-

کاک جەمال عەبدوڵا کە پێشتر پۆستێکی لە کوردستانی نوێدا هەبوو(دڵنیا نیم ئێستا ئەو پۆستەی ماوە یان نا)بەڵام یەکیەتی بوونی کاک جەمال شاراوە نیە. چی وای لێدەکات لە هەفتەنامەی میدیادا بابەتێکی ئاوها گرنگ بلاو بکاتەوە؟بۆ ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ خوێنەری زیاترە یان میدیا؟بۆ میدیا بۆ کاک جەمال جێگای ئیعتیبارە یان کوردستانی نوێ؟بۆچی بە بابەتێکی لەم چەشنە ڕۆژنامەیەک دەوڵەمەند ناکات کە زمانحاڵی حیزبەکەیەتی؟بۆچی ئەو (سەبقە) ڕۆژنامەوانییە نابەخشیت بە کوردستانی نوێ؟

دووەم:-

کاک جەمال ئەم دۆکیومەنتەی چۆن دەست کەوت؟ئەگەر وەکو ڕۆژنامەوانێک کەوتۆتە دوای ئەو بابەتە ،ئەوە دیسانەوە دەبوایە مافی ئەو بەدوادا چوونە بدات بە کوردستانی نوێ.ئەگەریش لە کردەوەیەکی جاسوسانەدا ئەو دۆکیومەنتەی دەست کەوتوە،ئەوە دەبێت لایەنی پەیوندار بەم پرسە لێپرسینەوەی خۆی بکات.

سێیەم:-

کامیان بۆ کاک جەمال عەبدوڵا گرنگتر و خەتەرناکترە،ئەوەی وەزارەتی ڕۆشەنبیری فێڵ لە سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران و لە یاسا بکات و نووسراوێک تەزویر بکات،یان ئەوەی چوار

هاوڵاتی (نووسەر) رازی بن بەوەی مێژووی دەست پێکردنی نووسینیان تەزویر بکرێت؟دەسەڵاتێک گەندەڵ بێت خەتەرناکە ،یان چوار نووسەر؟کاک جەمال تەزویر کردنی ئەو نووسراوە لەلایەن وەزارەتی ڕۆشەنبیری بە خەلەل لە قەڵەم دەدات،بەڵام هەمان هەڵە بۆ چوار نووسەر بە کارەسات دەزانێت.

چوارەم:-

ئایا ئەم تەزویرەی وەزارەتی ڕۆشەنبیری نامانخاتە بەردەم پرسیاری(ئەبێت وەزارەت چەند نوسراوی تری تەزویر کردبێت و چەند کەسی تری ناشەیەستە تر لەو چوار نووسەرە بە پاڵی دەسەڵات مووچەی ڕێزلێنان و بگرە بە چەندین جۆری تر خزمەت کرابن؟) ئایا وەزیرو ئەوانەش کە ئاگاداری ئەو تەزویرە بوونە هەق نیە ڕاپێچی دادگا بکرێن؟ئایا سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران چاو لەم تەزویرەی وەزیر دەپۆشێت؟ئەی ئەنجومەنی وەزیران خۆی چۆن ئەو تەزویرەی بەسەردا تێپەڕی؟ئاخر تەمەنی ئەو چوار نوسەرە گەنجە زیادەڕەوی ئەو تەزویرە بە حەدێک گەورە دەکەنەوە کە درک پێ کردنی کارێکی زۆر ئاسان بێت.خۆ ئەگەر واش بگرین کە ئەمە فێڵی ئەو چوار نوسەرەیەو بەسەر وەزارەتدا تێپەڕیوە،ئەوسا حەق نییە بپرسین بەرپرسێک فێڵێکی بچووکی ئاوهای بەسەردا تێپەڕیت ئایا شایانی پۆستەکەیەتی؟

پێنجەم:-

بە لەبەرچاو گرتنی خاڵی یەکەم کە بڵاوکردنەوەی بابەتەکەی کاک جەمالە لە هەفتەنامەی میدیا لە بری بلاوکردنەوەی لە کوردستانی نوێ،دەرەکەوێت کە موئامەرەیەک دژ بەو چوار نووسەرە لە ئارادایە(قسە لەسەر ڕاست و دروستی بەڵگەنامەکە نییە و بەو مانایەش نییە کە ئەو چوار نوسەرە بە شانی خاڵی لە پرسەکەدا دەرکێشینە دەرەوە)ئەم موئامەرەیە ئێستا پلانی بۆ نەکێشراوە،بەڵکو پێش ئەوەی ئەو نوسراوە بەرز بکریتەوە بۆ سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران، کە لێرەدا جێی خۆیەتی گومان لە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانیش بکەین هەر بەو پێیەی کە تەزویرێکی ئاوها ناشیانەیان بەسەردا تێپەڕیوە.

بێگومان مەبەست لەو نووسینە ناشیرین کردنی ئەو چوار نووسەرەیە و کەم کردنەوەیە لە کێشی ئەو نووسینانەی کە ئەوان لەسەر دەسەڵات لە چەند ساڵی ڕابردودا بەرهەمیان هێناوە.

من وەڵامی ڕاست و دروستیی ئەو بەڵگەنامەیە ئەهێڵمەوە بۆ ئەو نووسەرانە خۆیان کە پێم وایە ئەگەر ئەو تەزویر کارییە بە ڕەزامەندی ئەوان بوبێت ئەوە پێش هەموو شتێک هەڵەیەکی مێژووییان دەرهەق بە خۆیان کردوەو ئەمەش بێگومان ڕاستگۆیی ئەوان تەم و مژاوی دەکات و سەنگ و کێشیان وەکو چوار نووسەری دیار دێنێتە خوارو ڕەخنەکانیان لە دەسەڵات کاڵتر ئەکاتەوە.

ئینسان داخ دەخوات کاتێک دەبینێت چوار نووسەری بەرچاو دەکەونە داوێکەوە کە پاساری بە ئاسانی دەیبینێت و ڕیشۆڵە بە ئاسانی خۆی لێ لادەدات.چوار نووسەر کە دەبوو ئەوان ئەو ڕێگایەیان بە دەیان هەزار کەس نیشان بدایە کە ناچنەوە سەر ئەو داوانە.

من چاوەڕوانی ئەو ڕۆژەم کە ئەو چوار نووسەرە دێنە گۆ،هەروەک چاوەڕوانی ئەو ڕۆژەم کە تەزویرکارانی ئەو نووسراوە دەدرێنە دادگا.

2007-6-27

ڤانکۆڤەر –کەنەدا